*Journal of Language Studies* Vol.8, No.5, 2024, Pages (161-177)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.5.9

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Differential semantics of words according to environmental theory

Assistant lectuer Dashti Bahjat Mohammed *
University of Charmo / College of Education /Department of Kurdish Language
Dashti.bahjat@chermo

**Received:** 12 / 11 /2023 , **Accepted:** 25 / 12 /2023, **Online Published: 31/ 5 /2024**

## Abstract

The research entitled (meaning of word differences according to environmental theory) is an attempt to present and show the words of language, which have different meanings according to different environments They are vague because they belong to more than one semantic field, but by including them in morphology and syntax, which are two environments of language, their meaning becomes clear. Vague objects exist at different levels of language (Environmental theory plays an important role in explaining blindness, especially morphological blindness, so the environment helps to achieve the most appropriate purpose.

**Keywords:** Differential semantics - environmental theory

* **Corresponding Author**: Dashti Bahjat, **Email:** Dashti.bahjat@chermo
**Affiliation**: Charmo University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# الدلالات التفاضلية للكلمات وفقا للنظرية البيئية

م.م دشتي بهجت محمد

جامعة جرمو/ كلية التربية / قسم اللغة الكوردية

**المستخلص**

البحث المعنون (معنى اختلافات الكلمات في ضوء النظرية البيئية) هو محاولة لعرض وإظهار كلمات اللغة التي لها معاني مختلفة باختلاف البيئات فهي غامضة لأنها تنتمي إلى أكثر من مجال دلالي ولكن من خلال تضمينها في الصرف والنحو وهما بيئتان للغة يصبح معناهما واضحا، وتوجد الأشياء الغامضة في مستويات مختلفة من اللغة (تلعب النظرية البيئية دورا هاما في تفسير العمى، وخاصة العمى الصرفي، لذلك تساعد البيئة على تحقيق الغرض الأنسب .

**<u>الكلمات الدالة</u>:** (الدلالات – النظرية البيئية – اظهار كلمات اللغة).

## واتای جۆراوجۆری وشه بەپێی تیۆری دەوروبەر

م. یاریدەدەر دەشتی بەهجەت محەمەد

زانکۆی چەرموو / کۆلێژی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی :

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "واتای جۆراوجۆر وشە بەپێی تیۆری دەوروبەر"، توێژینەوەیەکی پراگماتیکییە، هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی واتایی وشە پەیوەست بە دەوروبەرەوە، کە بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی پراگماتیکە، چونکە ئاشکرایە کە وشەگەلێکی زۆر لە زماندا هەن ، کە بە پێی دەوروبەرە جیاوازەکان هەڵگری واتا و لێکدانەوەی جۆرا و جۆرن .

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، ئەنجام و سەرچاوەکان، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:
**بەشی یەکەم:** لەم بەشەدا تیۆری دەوروبەر بە شێوەیەکی گشتی ڕوونکراوەتەوە، کە پێکهاتووە لە باسکردنی کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی تیۆری دەوروبەر، ناساندنی تیۆری دەوروبەر، سنووری کارکردنی تیۆرەکە، هەروەها گرنگی و تایبەتمەندیی تیۆری دەوروبەر، پاشان جۆرەکانی دەوروبەر دەستنیشانکراون.
**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا چەمکی وشە، واتای وشە، واتای وشە بەپێی تیۆری دەوروبەر، بەکارهێنانی وشە لە دەوروبەری جیاوازدا و لە هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا خراونەتەڕوو، پاشان هۆکارەکانی واتاجیاوازیی بەپێی تیۆری دەوروبەر دەستنیشانکراون.

**پوختە :**

توێژینەوەکە بەناونیشانی (واتا جیاوازی وشە بەپێی تیۆری دەوروبەر) هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی و دەرخستنی ئەو وشانەی زمان، کە واتایی جۆراوجۆریان بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان هەیە ، ئاشکرایە یەکێک لە هۆکارەکانی جیاوازبوونی واتای وشەکان بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکانی وشەدەگەڕێتەوە، دەتوانریت بوترێت، کە بەشێکی وشەکانی زمان بەتها واتایەکی ناڕوون و لێڵیان هەیە، ئەویش بە هۆی ئەندامبوونیان لە زیاتر لە کێڵگەیەکی واتایدا، بەڵام بە خستنە ناو مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە، کە دوو دەوروبەری زمانین واتاکەیان ڕوندەبێتەوە، کەرەستە لێڵەکان لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا بونیان هەیە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە لێڵیە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، کەواتە پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت (تیۆری دەوروبەر ڕۆڵی گرنگی لە ڕوونکردنەوەی لێڵیدا هەیە، بەتایبەتی لێڵیی مۆرفۆلۆژی، کەواتەدەوروبەر هاوکار و یارمەتیدەرە لە هەڵهێنجانی گونجاوترین مەبەستدا .

الملخص:

البحث المعنون (معنى اختلافات الكلمات في ضوء النظرية البيئية) هو محاولة لعرض وإظهار كلمات اللغة التي لها معاني مختلفة باختلاف البيئات فهي غامضة لأنها تنتمي إلى أكثر من مجال دلالي ولكن من خلال تضمينها في الصرف والنحو وهما بيئتان للغة يصبح معناهما واضحا، وتوجد الأشياء الغامضة في مستويات مختلفة من اللغة (تلعب النظرية البيئية دورا هاما في تفسير العمى، وخاصة العمى الصرفي، لذلك تساعد البيئة على تحقيق الغرض الأنسب .

## ١)کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی تیۆری دەوروبەر:

تیۆری دەوروبەر یەکێکە لەو تیۆرانەی، کە لەسەرهەڵدانیەوە تاوەکو ئێستا لە زمانەوانیدا گرنگیەکی زۆری پێدراوە لە بواری ڕونکردنەوەی واتا لێڵو تەمومژەکان، گرنگیەکەی لە بواری زمانەوانیدا وایکرد، کە جێگەی سەرنجی زمانەوانان بێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

"لەڕاستیدا دانانی بنەما سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە لەوەسفکردنی واتادا دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەنترۆپۆلۆجی مالینۆفسکی - Malinowsky، کورتەی بۆچوونی ئەم زانایە سەبارەت بەبابەتەکە ئەوەیە، کە واتای ڕستە لەو دەوروبەرە دیاریکراوەدا دەستنیشان دەکرێت، کە ڕستەکەی تێدا دەردەکەوێت، لێرەدا زیاتر مەبەستی ژینگەی سروشتی و واقیعی ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵگایە." (تاڵیب حوسێن عەلی، ٢٠١٤: ٨٠)،

" بەڵام مالینۆفسکی زۆر بەفراوانی باسی دەوروبەر و چۆنییەتی بەدەستهێنانی لەچوارچێوەی تیۆرێکی شیکردنەوەی واتادا نەکردووە، لەبەرئەوەی مالینۆفسکی زمانەوان نەبووە، بۆیە بایەخی بە داڕشتنی تیۆرێکی زمانەوانی نەداوە." (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠٠٨: ٢٨) .

"فێرس ئەم بیرۆکەیەی، واتە بیرۆکەی گرنگی دیراسەکردنی زمان لەچوارچێوەی دەوروبەرێکی تایبەتدا، لە مالینۆفسکی وەرگرت و ڕەهەندێکی قوڵتری پێ بەخشی، لەگەڵ ئەوەشدا وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دەیڕوانییە کۆمەڵگا." (تاڵیب حوسێن عەلی، ٢٠١٤: ٨٠).

**٢) چەمکی دەوروبەر:**

دەوروبەر چەمکێکی فراوانە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ڕابردوو و ئێستاشدا کاریگەرییان لەسەر زمان هەبووە و هەیە، دەوروبەر بۆ لێکدانەوەی واتا گرنگییەکی زۆری هەیە. دەوروبەر هەندێک زانیاری دەبەخشێت کە زۆر جار قسەکەر لە دەربڕیندا ئەو زانیارییانە لادەبات، بۆیە ئەگەر گوێگر زانیاریی دەربارەی دەوروبەری گوتنەکە نەبێت، زۆر بەگرانی لە وشە ونبووەکان تێدەگات. (دەشتی بەهجەت محەمەد، ٢٠١٦: ٤٣). وشە یاخود ڕستە کاتێک بە دەوروبەر ببەستینەوە، ئەوا وشە و ڕستەکان واتای فەرهەنگیی خۆیان وندەکەن و بەپێی دەوروبەر واتای خۆیان وەردەگرن.

"(فێرس) وای دەبینێت، کە ناسینەوەی گوێگرەکە بۆ هێمای زمانەوانی و پەیوەندی (هێما) بە (هێماکراو) و گوزارشتکردن بە ناوەڕۆکەوە بۆ دەستنیشانکردنی مانا بەس نییە، بەڵکو ئەو شتەی کە یارمەتی دەدات، سەرباری دەوروبەرە واژەییەکە نەریتی کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە وشەی (Set)ی ئینگلیزی لە فەرهەنگدا (١٤٥) مانای هەیە، کە لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردا بە هەژدە لاپەڕە شرۆڤە کراوە، هەربۆیە چ بۆ خوێنەر یاخود گوێگر مەحاڵە هەموو ئەو مانایانە بەهزردا گوزاربکات و بێتەوە یادی، بۆ هەردووکیان پەنا دەبەنەبەر دەوروبەرەکە." (ئیبراهیم خەلیل، ٢٠١٦: ٥٥-٥٦).

دەوروبەر: "بریتییە لە چوارچێوەی بەکارهێنان، کە بەهۆی واتای وشە و گرێ و ڕستە لێڵەکان و ئەرکەکەی و چۆنیەتیی بەکارهێنانیەوە ڕووندەبێتەوە". (دەشتی بەهجەت محەمەد، ٢٠١٦: ٤٣).

دەوروبەر (کۆنتێکست): "بە واتای ئاماژەکردن بۆ هەموو ئەو هۆکارانەی کە بە شێوەیەکی سیمانتیکییانە فۆڕم و واتا و گونجاندنی ئاخاوتن دیاریدەکەن". (سازان رضا معین، ٢٠٠٥: ٦٥).

**٣- گرنگیی تیۆری دەوروبەر:**

دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ لە دەستنیشانکردنی واتادا دەبینێت، زانایانی زمانیش وەسفی واتای فەرهەنگی بە "فرەواتایی" دەکەن، کەواتە لە ناو فەرهەنگدا چەند واتایەک بۆ وشە تۆماردەکەن، بەڵام کە سەیری دەوروبەر دەکەین، دەبینین وشە لە بنەڕەتدا واتایەکی سەرەکی هەیە، ئەوەی کە واتا بە وشە دەبەخشێت دەوروبەرەکەیە، ئەمەش وایکردووە بەو واتایانە بڵێین، وشە لەدەوروبەردا یەک واتای هەیە لەو واتایەش زیاتر دەرنابڕێت.

٢-هەروەها "لاینز" دەربارەی گرنگیی ئەم تیۆرە دەڵێت: "ئەو دەوروبەرەم بدەرێ کە وشەکەی بەکارهاتووە، واتاکەت دەدەمێ"، کەواتە لاینز جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەوروبەر گرنگییەکەی تەواوی بۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشە هەیە.

٣-هەروەها دەتوانین بڵێین "فۆڕمی زمان بەبێ دەوروبەر'سیاق' ناتوانێ شیکردنەوەی هەموو ئەو واتایانە بکات، کە ئێمە لەزماندا دەستمان دەکەوێت." (دەشتی بەهجەت محەمەد، ٢٠١٦: ٤٤). هەر بۆیە "دەوروبەر خاڵێکی گرنگی جیاکەرەوەیە لەنێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا، واتای پراگماتیکیش بریتییە لە (واتای سیمانتیکی+دەوروبەر)." (عەبدولواحد مشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ٢٥).

٤-هەر لەم ڕووەشەوەیە کە "هەندێ لە زمانەوانان دەربارەی دەوروبەر دەڵێن، دەبێت فەرهەنگەوان بەگوێرەی ئەو دەوروبەرانەی، کە تیایدا وشەکان بەکارهاتوون چ لەقسەکردندا بێت یاخود لە نوسیندا، تێبینی واتای وشەکان بکات." (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠٠٨: ٣١).

ئەمەش پەیوەست بە "گرنگی باری دەوروبەر لەلێکدانەوەی زماندا ڕوون دەبێتەوە، چونکە ناتوانرێ بە تەواوی هەندێ لە دەربڕینەکانی زمان لێکبدرێتەوە تا ڕەچاوی دەوروبەر نەکرێت.بۆ نموونە: "دەستتخۆشبێت".

لەم نمونەیەدا بەشدارانی ئاخاوتن بە بێ ئاگاداربوون لە دەوروبەری ئاخاوتن، دەتوانن بزانن بۆ کام لە واتاکانی بەکارهاتووە، چونکە لەوانەیە بۆ:

واتای سوپاسگوزاری دەربڕدرابێت،

لەوانەشە بەتەعلیقەوە بەکارهاتبێت، لەبەرئەوەی ئەم مەبەستە کاتێک کەسێک کارێکی نابەجێی بەرانبەر کرابێت و ئەم بەدڵی نەبووبێت، بەکاریدەهێنێت.

**٤) تایبەتمەندیی تیۆری دەوروبەر:**

تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم تیۆرە ڕەواندنەوەی لێڵییە، لێڵییش، زۆر لە زمانەوانەکان باسیانکردووە و پێناسەی زۆری بۆ کراوە.

دەربارەی زاراوەی لێڵی یاخود تەمومژیی واتایی، دەتوانین بڵێین "ئەو وشە و رستانەی، کە زیاتر لە بیرێک دەگەیەنن لە زماندا بە لێڵ ناودەبرێن، لێڵیش وەک دیاردەک سەرنجی زۆرێک لە زمانەوانەکانی ڕاکێشاوە، چونکە ئەم دیاردەیە بۆ ئەو وشەو و فرێز و ڕستانە بەکاردێت، کە زیاتر لە واتایەک دەگەیەنن، بوونی وشەکانی زمانیش بە واتای جیاواز خۆی لە خۆیدا تەمومژی لە زماندا دروستدەکات، چونکە زمانێکی وا نموونەیی نییە، کە توانای ئەوەی هەبێت بۆ هەموو وشەیەک واتایەک لە بەرانبەریدا دابنێت." (دەشتی بەهجەت محەمەد، ٢٠١٦: ٣٤).کریستاڵ بەم جۆرە پێناسەیدەکات:

1 - لێڵی لە زماندا ئەوەیە یەکەیەک زیاتر لە واتایاکی هەبێت ". (حیلمی خلیل (1988: 30))

٢-هەر پێکهاتەیەکی زمان ، وشەبێت یان فرێز هەڵگری زیاتر لە واتایاک بوو،ئەوا ئەو دروستەیە تەمومژاویە.

لێڵی لە زمانی کوردیدا دوو جۆری لێ دەستنیشانکراوە، ئەوانیش :

١ .لێڵیی مۆرفۆلۆژی (فەرهەنگی)

٢ .لێڵیی سینتاکسی (ڕێزمانی)

**یەکەم: لێڵیی مۆرفۆلۆژی**

"لێڵی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیدا ئەوەیە وشەیەک یان مۆرفیمێک(بەتەنیا) ببیسترێ یان بخوێنرێتەوە، گوێگر یان خوێنەر بەزیاتر لەواتایەک تێی بگات." (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٩٣). بۆ نموونە وشەی "ڕان" کە دوو واتای هەیە، ئەوانیش:

١ .ڕانی لەش،

٢. ڕانەمەڕ.

بۆ ئەوەی ئەو لێڵییە، کە لە ئاستی وشەدا درووستبووە، بیرەوێنینەوە، پێویستە بۆ دەوروبەری وشەکە بگەڕێینەوە، بۆیە لێرەدا وشەکە دەخەینە چوارچێوەی ڕستەوە، ئەو کاتە واتاکەی ڕووندەبێتەوە. بەم شێوەیە:

١. گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ، لە منەتی قەساب باشترە.
٢. ڕانەمەڕەکەم فرۆشت.
لە ڕستەی یەکەمدا "ڕان" بە واتای ڕانی لەش هاتووە، لە ڕستەی دووەمدا وشەکە بە واتای ڕانەمەڕ هاتووە، یاخود وشەی "سکە"، کە سێ واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەوانیش:
١. ئامێری دروستکردنی پارە،
٢. ڕێگای هاتوچۆکردنی شەمەندەفەر،
٣. کەرەستەیەکە بۆ هەڵواسینی پەردەی ماڵان. (دەشتی بەهجەت محەمەد، ٢٠١٦: ٣٦).
لەم نموونەیەشدا وشەی "سکە" لێڵیی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا دروستکردووە، ئەگەر کەسێک بڵێت "سکەکە شکا." تاوەکوو زانیاریمان دەربارەی دەوروبەری وشەکە نەبێت، لە واتای مەبەستی دروستی وشە تێناگەین و نازانین بۆ کام لە واتاکانی بەکارهاتووە، بۆیە وشەکە لە چەند ڕستەیەکی جیاوازدا بەکاردەهێنین و واتا جیاوازەکانی بەپێی ڕستە جیاوازەکان دەخەینەڕوو.
١. سکەی پارە دروستکردنەکە شکا،
٢. سکەی ڕێگای شەمەفەندەرەکە شکا،
٣. سکەی پەردەکە شکا.
بەم شێوەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو وشانەی لێڵی دروستدەکەن، وشە "هاوبێژ و فرەواتا"کانن، بە دانانیان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا واتاکەی ئاشکرادەبێت.

**دووەم: تەمومژیی ڕێزمانی (سینتاکسی)**

تەمومژیی ڕێزمانی: "ئەم جۆرە لێڵییە دەکرێت بە لێڵی سینتاکسی ناوببرێت، زیاتر لەو ڕستە و فرێزانەدا دەردەکەوێت کە زیاتر لە لێکدانەوەیەکیان هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ڕستەیەک زیاتر لە واتایەکی بۆ سیمایەک دەبێت، ئەمیش پەیوەستە بە ڕۆنانی ژێرەوە کە دوو ڕستەی جیا لە ژێرەوەدا بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە لە ڕووکەشدا دەبن بەیەک. (واتە لەکاتێکدا دەبێت، کە ڕستەکان لە ئاستی ژێرەوە (Deep structure) جیاوازن، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا (Surface structure) وەک یەکبن." (دەشتی بەهجەت محەمەد، ٢٠١٦: ٣٦). بۆ نموونە ڕستەی "پێم دەخورێت." دەتوانین دوو واتای جیاوازی بخەینەڕوو تا ئەوەی بیسەلمێنین کە ڕستەیەکی لێڵە، بەم شێوەیە:
١. بە من دەخورێت،
٢. پێی من دەخورێت.
لە ڕستەی "پێم دەخورێت." ڕستەیەکی تەمومژاوییە و زیاتر لە واتایەکی هەیە، بۆئەوەی بزانین مەبەست لە کامە واتایە، ئەوا دەبێت بخرێتە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە و لە دوو ڕستەی جیادا بەکاریدەهێنین، ئەو کاتە بەپێی بەکارهێنانەکەی واتای مەبەست ڕووندەبێتەوە.
١. نانەکەم پێ دەخورێت.
واتە لە کاتی نان خواردندا، یاخود لە کاتی ئەوەی پرسیار لە کەسەکە بکرێت، کە ئایا نانت پێ دەخورێت،
کەواتە لێرەدا ڕوونە کە "پێم دەخورێت". بۆ نانخواردن بەکارهاتووە .
٢. من زۆر پێم دەخورێت.

لەم ڕستەیەدا کاتێک کەسی قسەکەر ئەم ڕستەیە بەکاردەهێنێت، بە واتای پێخوراندن/قاچخوراندن دێت، یاخود ئەوەی کە کەسی قسەکەر زوو زوو ئەملاولا بە پێڵاوەکەی بکات و دەست بۆ پێی ببات، کەواتە ڕستەی "پێم دەخورێت." لە دەوروبەری دووەمدا بە واتای پێخوراندن/حەساسییەی کەسەکە بەکارهاتووە.

**-جۆرەکانی دەوروبەر:**

زمانەوانەکان چەند جۆرێک دەوروبەر دیاریدەکەن، ئەوانیش:

١. دەوروبەری فیزیکی.
٢. دەوروبەری زمانەوانی.
٣. دەوروبەری کۆمەڵایەتی.
٤. دەوروبەری ئەبستیمی.
٥. دەوروبەری دەروونی.

**١) دەوروبەری فیزیکی:**

مەبەست لە دەوروبەری فیزیکی ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنەیە، کە قسەکەر تێیدایە و ئەو ڕووداوەی کە ڕوویداوە چییە و پێگەی پێشکەشکردنی بابەتەکە لە کوێیە و شیاویی شوێنی ڕستە گۆکراوەکان تاقیدەکاتەوە و گونجاوی و نەگونجاوییان لە ڕووی نەریتە تایبەتی و گشتییەکانەوە دەخاتەڕوو. (ئاڤێستا کەمال مەحموود، ٢٠٠٩: ١٣).دەوروبەری فیزیکی بە واتای کات و شوێن دێت، بە نموونە:

ئاماژەی کات: کاتێک بە یەکێک دەڵێیت "بەیانیت باش."، ئەوا ئەم گوتنە تەنیا بۆ بەیانیان دەستدەدات، یاخود کاتێک بە یەکێک دەڵێیت "ئینشائەڵڵا سەلامەت دەبیت." ئەوە تەنیا بۆ ئەو کاتە بەکاردێت کە کەسێک نەخۆش بێت. (سازان رضا معین، ٢٠٠٥: ٦٧-٦٨).

ئاماژەی شوێن: لێرەشدا بەپێی شوێنی وشەکە واتاکەی ڕووندەبێتەوە:

١. هێرۆ لە قوتابخانە هاتەوە.
٢. هێرۆ هاتەوە لە قوتابخانە؟

لە ڕستەی یەکەمدا کە ڕستەیەکی ڕاگەیاندنە، هێز خراوەتە سەر "هێرۆ"، لەبەرئەوەی لەو ڕستەیەدا زیاتر "هێرۆ" مەبەستە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا هێز خراوەتە سەر هاتنەوەی هێرۆ، بۆیە دەبینین ڕاگەیاندنەکە لەسەر هاتنەوەکەیە نەک "هێرۆ"، وەک ڕوودانی کردارەکە ئاماژەیەکی پرسکردن یان سەرسوڕمانی تێدا بێت، ئەمەیان بێگومان لە ئەنجامی شوێنی وشەی "هاتەوە" و گۆڕینی شوێنی بەکارهێنانی هێزەوە ڕوویداوە. (دارا حەمید محەممەد، ٢٠١٠: ٥٤-٥٥).

**٢) دەوروبەری زمانی:**

ئةم ضوارضيَوةية ثيَى دةوتريَت ضوارضيَوةى كةوتطة واتة (دةوروبةرى شويَن )شويَنكاتى ئاخاوتنةكة بةو تايبةتمةندييةى ، كة هةيةتى لةطةلَ ئةو ضوارضيَوة سةرةكييةكانةى ئةم جؤرةى ضوارضيَوة دروست دةكةن .

"دەوروبەری زمانیی: مەبەست لەم دەوروبەرە، بەکارهێنانی وشەیە لەناو سیستەمی ڕستەدا، کە لەگەڵ وشەی تردا دەبێتە هاوسێ و دەکەوێتە دەوروبەرەوە و واتایەکی تایبەتی بەدەست دەهێنێت، دەوروبەری زمانی، دەوروبەری (دەنگی، وشەسازی، ڕستەسازی، فەرهەنگی) دەگرێتەوە. (بەکر عومەر عەلی و ئازاد ئەحمەد حسەین، ٢٠١٣: ٤٠). بۆ نموونە وشەی "باش" ئەگەر لەگەڵ چەند وشەیەکی جیاوازی وەک "پیاو، پارە، مامۆستا"دا بەکاربهێنین، دەبینین واتاکانی دەگۆڕێت:

١. پیاوی باش باش ← ڕەوشتجوان، بێوەی،

٢. پارەی باش باش ← زۆر،

٣. مامۆستایەکی باش باش ← شارەزا، لێهاتوو. (دارا حەمید محەمەد، ٢٠١٠: ٥٤).

هەندێکجار وشەکانی زمان بەهۆی ئەندامبوونیان لە دوو یان زیاتر کێڵگەی واتایی واتاکانیان لێڵ دەبێت ،بەڵام کە چونە ناو ئاستی سینتاکسەوە واتاکەی ڕوون دەبێتەوە ، بۆ نموونە وشەی ( شیرین ) لەم نموونانەدا واتاکەی ڕوون دەبیتەوە:

- کچەکەی شیرین
- چای شیرین.

**٣) دەوروبەری کۆمەڵایەتی:**

زاراوەی "دەوروبەی کۆمەڵایەتی" هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتییانە لەخۆدەگرێت کە قسەکەر و گوێگر لە کردەیەکی گەیاندندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆ ئەمەش هاڵیدای پراگماتیک بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەوە دەبەستێتەوە و بە بناغەی گەشەکردنی دەزانێت. (ئاڤێستا کەمال مەحموود، ٢٠٠٩: ١٤). تاکەکانی هەر کۆمەڵێک لەنێو خۆیاندا ڕێکەوتوون ،کە بە لەبەرچاو گرتنی باری ( کۆمەڵایەتی ، دەروونی ) دەربڕینەکانیان جۆراو جۆر بکەن.

بڕوانە ئەم دوو ڕستەیەی لای خوارەوە:

1. هەر ئێستا لێرە بڕۆ.
2. تکایە لێرە بڕۆ.

دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە پەیوەندی و پلە و پێگەی ئاستی قسەکەر و گوێگرمان بۆ ڕووندەکاتەوە بە جۆرێک، کە لە ڕستەی یەکەمدا پلەی قسەکەر لە گوێگر بەرزترە، لە رستەی دووەمدا بە پێچەوانەوە پلەی گوێگر لە قسەکەر بەرزترە، کەواتە ئەمەش بەهۆی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو ڕستانە لە ڕووی دەربڕینەوە پەسەندن.

**٤) دەوروبەری چەمکی:**

زانیارییە دونیاییەکان لەلایەن قسەکەرەوە هەڵدەگوێزرێن و بەجفرە دەنێرێن بۆ گوێگر، گوێگریش بەپێی ئەو باکگراوند و پرنسیپانەی، کە لەگەڵ قسەکەردا هاوبەشی پێدەکات شیدەکاتەوە و واتایەک یان چەند واتایەکی تر دەدات بەو ڕستە و فۆڕمەی، کە پێی گەیشتووە. واتە قسەکەر و گوێگر هاوبەشی زانیارییەکانن، بۆیە بە ئاسانی لە مەبەست دەگەن.

بۆنموونە:

١ /آ.سەعات چەندە؟

١/ب. هێشتا بانگی نەداوە.

زانیارییەکی کۆمەڵایەتییە، کە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هاوبەشە، لە ڕستەی (١-ب) وەرگر دەزانێت کاتەکانی بانگدان دیاریکراون و لەچەند کاتژمێرێک تێناپەڕێت و نێرەریش هەمان زانیاریی لەلادەست دەکەوێت، بۆیە ئەم زانیارییانە کۆد دەکات و لەدەوروبەرێکی ئەبستیمیدا دەینێرێتەوە بۆ بەردەوامبوونی کردەی گەیاندنەکە. (ئاڤێستا کەمال مەحموود، ٢٠٠٩، ١٦)

**٥) دەوروبەری دەروونی:**

دەوروبەری دەروونی هەموو ئەو هەڵچوون و داچوونە دەروونیانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر تێیدا گوتن و ڕستەکانی دەردەبڕێت و لە بەرانبەریدا گوێگر بەپێی ئەو بارە دەروونییەی، کە خۆی و قسەکەری تێدایە، مەبەستەکانی شیدەکاتەوە و لە یەکترییان جیادەکاتەوە. بۆ نموونە دەربرینی وشەی "نەخۆش" لە دەوروبەرێکی فیزیکیدا ڕەنگە نەخۆشخانە و پزیشک و ئەم جۆرە کەرەستانەوە بمانبەستێتەوە، بەڵام دەربڕینی هەمان وشە لە دەوروبەرێکی دەروونیدا گوێگر ئاڕاستەی چەشنێک لە هەڵچوونەکان دەکات و بەمەش وشەکە لەو جۆرە دەوروبەرەدا واتایەکی تایبەت لە واتاکانی تری دەگەیەنێت. (ئاڤێستا کەمال مەحموود، ٢٠٠٩: ١٧).

گەر لە کتێبخانە بیت و دوو کەس بێن و بە دەنگی بەرز قسەبکەن، تۆش سەرهەڵبڕیت و بڵێیت:

ـ بە یارمەتیت، دەتوانیت تۆزێک بەرزتر قسەبکەیت؟ فریانەکەوتم تێبگەم وتت چی؟

دەوروبەری فیزیکی: قسەکردن لە کتێبخانەیە. دەرخەری شوێنە.

دەوروبەری ئەبیستیمی: کتێبخانە شوێنێکی بێدەنگە. دەرخەری زانیاریی دونیاییە

دەوروبەری زمانەوانی: ئاوازەی دەنگی گاڵتەجاڕییە. هاتنی دانەی زمانیە لەگەڵ یەکتردا.

دەوروبەری کۆمەڵایەتی: مافت هەیە بە کەسێک لەو شوێنەدا بڵێیت بێدەنگببە.

دەوروبەری دەروونی: هەڵچوونی باری دەروونیی قسەکەر و داڕشتنەوەی ئەو هەستە لە شێوەی گاڵتەجاڕییەکدا، هەروەها لەگەڵ ئەم جۆرە دەوروبەرەشدا یاسای زووکاریگەربوون لەسەر گوێگر کاردەکات. (سەرچاوەی پێشوو: ١٨-١٩).

## بەشی دووەم: وشە و واتاجیاوازیی وشە بەپێی تیۆری دەوروبەر

### ١-پێناسەی وشە :

وشەدانەیەکی دانەیەکی نادیاری ناو مێشکی مرۆڤە کە هەڵگری واتایەکە، ئەو واتایە دەکرێت لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا بگۆڕێت، بەڵام لە فەرهەنگدا بە کۆمەڵێک زانیارییەوە هەڵگیراوە. گرنگی ئەو دانە نادیارەی ناو فەرهەنگی ئاوەزی وایکرد بۆ زیاتر تێگەیشتن لێی پێناسینی بۆ بکەن:

١-"وشە گرنگترین کەرەستەی زمانە، بەشێوەیەک هەوڵی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی دەدرێت، تایپێشبکەوێت، چونکە بە یەکەیەکی گرنگی واتاداری زمان دادەنرێت. "کامیل بەسیر" دەڵێت:

(وشه ژمارەیەکی وشک و نیشانەیەکی مردوو بۆ واتایەک نییە، بەڵکو توخمێکی زیندووە و بە ژیانی ئەو میللەتەی کە بەکاری ئەهێنێ ئەژی و بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵئەسێ." کەواتە دەتوانرێت بگوترێت "وشە وەکو زیندەوەر وایە، لەدایک دەبێ و دەمرێ، پێویستی ژیان و بیری مرۆڤ وادەکات وشە لەدایک ببێ، نەمانی پێویستییەکەش وادەکات وشەکە بەکارنەیەت و وردە وردە لەبیربچێتەوە." (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، ٢٠١٤: ١٦).

٢- بلۆمفێڵد لەبارەی واتای وشەوە بۆچوونی وایە: " واتای وشە دەبێت لە ڕێگەی هۆکارە فسێلۆجی و فیزیکیەکانەوە لیکدانەوەی بۆ بکرێت " بۆ نموونە وشەی ( برسی، ڕق، کینە ،سۆز و خۆشەوستی ...) کاتێک بەکاردەبرێت، ئاخێوەری زمان پێویستی پێبیان ببێت، واتە هۆکارێک هاندەرە بۆ دەربرین. بلۆم لە لێکدانەوەی واتادا لە ژێر کاریگەری تیۆری ڕەفتاریدا بۆچوونەکانی دەربڕیوە.

٣- وشە: کەرەستەی زمانە و لە دەنگێک یان چەند دەنگێک دروستدەکرێت. (نوری عەلی ئەمین، ٢٠١٣: ٣٣). سەرنج لەسەر ئەم پێناسەیە ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا وشەمان نییە لە یەک دەنگ پێکهاتبێ

**٢) واتای وشە:**

بە پێی تیۆری دەوروبەر : واتای وشە بریتییە لە "واتای فەرهەنگی + واتای بەکارهاتوو یان زیادە"، هەریەک لەم وشانە واتای فەرهەنگیی خۆی هەیە و لە فەرهەنگدا هەیە، بەهۆی پەیوەندیی دوورونزیکیی واتاوە (هاوواتا و دژواتا)، بەڵام کاتێک وشەکان یەکدەگرن، واتای پەیوەندی دروستدەکەن (مەبەست لە واتا زیادەکەیە)، بەمەش وشەکان بەشێک لە واتاکانیان وندەکەن و بەشێک لە واتاکانیان زیاد دەبێت بەهۆی وشە هاوسێکانییەوە، واتە پەیوەندییەکە هەمیشە گۆڕاوە و ناجێگیرە و ڕای گشتیی کۆمەڵی لەسەر نییە، بەڵام واتای فەرهەنگیی وشەکە جێگیرە و ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەرە، چونکە بەپێی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی درووستبووە، ئەگەرچی ئەمانیش بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن، بەڵام گۆڕانەکەشیان ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەرە. (شوکر گەلالی، ٢٠١٠: ٩٢-٩٣) .

واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی دوو ئاستی واتان و تەواوکەری یەکترین و پەیوەندییان بە تێگەیشتن و لێکدانەوە و کردنەوەی هێماوە هەیە، ئەم هاوبەشییانە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم دوو ئاستە یەک بن، بەڵکوو جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو ئاستەی واتادا هەیە، هەریەکەیان لە ڕوانگە و گۆشەیەکەوە دەڕوانێتە واتا. ئەو کێشانەی سیمانتیک چارەسەریانناکات، پراگماتیک چارەسەریاندەکات و لێکدانەوەی گونجاو بۆ تەمومژییە واتاییەکانی سیمانتیک دەدۆزێتەوە. (عبدالواحد مشیر دزەیی، ٢٠٠٦: ٢).

**٣) واتای وشە بەپێی تیۆری دەوروبەر:**

لەم تیۆرەدا "فێرس" بەم شێوەیە چەمکی واتا ڕووندەکاتەوە، دەڵێت چەمکی واتا شتێک نییە لە مێشکدا هەبێت و ببێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندیی نێوان گوتەکان، هەروەها وێنەیەکی هۆشەکی نییە، بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەندی، کە هەڵوێستە زمانییەکان پێکدەهێنن و لە ڕێگەی

دەوروبەرەوە دیاریدەکرین. (پەروین عوسمان مستەفا، ٢٠٠٩: ٧٩)، (فێرس) لەبارەی واتاوە دەڵێت: "واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاقی ئاڵۆز." (نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، ٢٠١٤: ٧٤).

بەمجۆرە بەپێی پەیڕەوکەرانی تیۆری دەوروبەر بۆ تێگەیشتن لەواتای وشە، پێویستە سەرنج لە بەکارهێنانی وشەکان بدەین، واتە "چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە زماندا، هەندێک لە زمانەوانان وای بۆ دەچن، کە واتای وشە دیاریدەکرێت بەهۆی ئەو چوارچێوە و دەوروبەرەی وشەکە تێیدا بەکاردێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە زمانەوان (فێرس) دەڵێت واتای وشە بەدیارناکەوێت تەنیا بەپێی ئەو چوارچێوە و دەوروبەرە نەبێت، کە وشەکە یان ڕستەکەی تێدا بەکارهاتووە، لەوانەیە یەک وشە چەند واتایەکی هەبێت بەپێی ئەو چوارچێوەیەی،کە وشەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت". (و: یوسف نووری محەمەد ئەمین، ٢٠٠٩: ١٢٨).

**٤) بەکارهێنانی وشە لە دەوروبەری جیاوازدا:**

بەکارهێانی وشە لە ڕستەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکارنایەت، یان ڕیزکردنی کەرەستەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نابێت، بەڵکو وشە لە چوارچێوەی ڕستەکەدا ملکەچی وشەی تر دەبێت ،کە لەگەڵیدا دێت. ئەمەش لەبەرئەوەی ڕستە تەنها بریتی نییە لە کۆمەڵێک وشەی ڕیزکراو و یەکلەدواییەک، بەڵکوو چەند یاسایەک بەیەکەوەهاتنی وشەکان کۆنترۆڵدەکات، لێرەوە واتای وشە بریتییە لە واتای فەرهەنگیی وشەکان لەگەڵ کۆی ئەو بەکارهێنانەی، کە وشەکان لە پێکهاتنی ڕستەیەکی ڕێزمانیدا هەیانە، واتە نابێت بۆ تێگەیشتن لە واتای ڕستە تاکلایەنە پشتببەسرێت بە واتای فەرهەنگیی وشەکان، باشتر وایە چاو لە بەکارهێنانەکەشی لە سنووری ڕستەدا بکەیت، ئەمەی دووەمیان گرنگە، چونکە وشە لە پێکهاتەی ڕێزمانی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی بەکارهێنانەوە. دەتوانین بڵێین واتای فەرهەنگی بەشێکە لە واتای وشەکە و بەشەکەی تریش لەو پەیوەندییە واتاییانەوە بەدەستدێت کە لەگەڵ وشەکانی تری ڕستەکەدا دروستیدەکات. (شوکر گەلالی ٢٠١٠: ٩٠-٩١).

**٥) بەکارهێنانی وشە لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا:**

" **دار** " بە دانانی لە چەند دەوروبەرێکی جیادا چەند واتایەک لەخۆدەگرێت، ئەوانیش :

١. دار و درەخت .
٢. فریودان
٣. کوشتن
٤.کوتەک

١. گەڵای **دار** لەپایزدا دەوەرێت .
٢. **داری** بە ڕوحیدا.
٣.لە**دار**درا قازی.
٤.**دارێکی** لە مندالەکە دا .

"باڵ" ئەم واتایانە لەخۆدەگرێت:

١. باڵی گیانلەبەر
٢. لایەنێک/کۆمەڵێک کەس
١. باڵی باڵندەکە شکاوە،
٢. باڵی نارازی خۆپیشاندانیان سازکرد.

"نان" ئەم واتایانەی هەیە:
١. نانی / کولێرە
٢. بژێوی
١. براکەم بۆ نانکڕین نارد،
٢. نانی پێ پەیداناکرێت.

"گەلاوێژ" ئەم واتایانەی هەیە:
١. ناوی مرۆڤی مێینە
٢. گۆڤاری گەلاوێژ
٣.ناوی مانگێکی کوردییە.
١.گەلاوێژ کچی مام ابراهیمە
٢. گەلاوێژ گۆڤارێکی وەرزییە.
٣. گەلاوێژ دەکەوێت.

"گاز" واتاکانی بریتییە لە:
١. گازگرتن
٢. بانگکردن
٣. سەیارەی بارهەڵگر
٤. سووتەمەنی
١. گازم لە ڕوومەتی منداڵەکە گرت،
٢. منداڵەکەم گازکرد،
٣. ماڵەکەم بە گاز گواستەوە،
٤. سەیارەکەم لە گاز پڕکرد.

"بار" واتاکانی بریتییە لە:
١. باری گواستنەوە (کرێ)
٢. باری فەرش (دیوی فەرش)
٣. باری نییە (کەسی بێبار)
٤. بار (ئەرك/کاری سەرشانی مرۆڤ)
١. ئەمرۆ هیچ بارم نەگواستووەتەوە،

٢. باری فەرشەکە زۆر باشە،
٣. کەسانی درۆزن باریان نییە،
٤. نوێژەکەم کرد، باری سەرشانم سوکبوو.

"تۆپ" واتاکانی بریتییە لە:
١. تۆپی یاریکردن
٢. تۆپی قوماش
٣. ئامرازی جەنگی
١. تۆپی یاریکردنەکەمان بۆ سەیران لەبیرچوو،
٢. کوتاڵفرۆشەکە تۆپەقوماشی زۆری هێناوە،
٣. لە شەڕی ڕوسیا و ئۆکرانیادا تۆپی جەنگی دژ بە یەک بەکارهات.

"شانە" واتاکانی بریتییە لە:
١. شانەی چەکداری
٢. شانەی پرچ
٣. شانەی هەنگ
١. ئەمڕۆ شانەیەکی چەکداریی داعش دەستگیرکران،
٢. شانەی پرچداهێنان هەرزانە،
٣. مێشهەنگەکان شانەکەیان بەجێهێشت.

"جوان" دەتوانێت چەند ئەرکێک لە ڕستەدا ببینێت، ئەوانیش:
١. ناو،
٢. ئاوەڵناو
٣. ئاوەڵکردار
١. جوان مامۆستایی زانکۆیە
٢. منداڵێکی جوان هات.
٣. نامەکەی جوان نوسی.

"لووتشکان" ئەم دوو واتایەی هەیە:
١. خوێنپرژانی لووت
٢. کەسێک کە پۆزاوی بێت و دەمکوتبکرێت
١. ئازاد لووتی شکا لە کاتی یاریکردندا،
٢. هێزەکانی گەریلا لووتی دوژمنیان شکاند.

ئەم میتافۆرانەش هەڵگری زیاد لە واتایەکن، بۆ نموونە:

"دڵ گەورە

١. کەسێک قەبارەی دڵی گەورە بێت

٢. کەسێک بەسەبر و ئارام بێت

١. براکەم قەبارەی دڵی گەورەیە،

٢. براکەم دڵگەورەیە و هیچ لەدڵناگرێت.

"لەبەرچاوم کەوت"

١ .ماتۆڕسوارەکە بەخراپی لەبەرچاوم کەوت، کە وەرگەڕا، کەوتنی ڕاستەقینە

٢ .هاوڕێکەم لەبەرچاومکەوت، چونکە درۆیکردبوو. کەوتنی میتافۆری

به ڕوانین لە نموونەکان، کە لە سەرەوەدا خرانەڕوو، لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا وشەکان هەڵگری زیاتر لە واتایەکن، بەگوێرەی وشەکانی دەوروبەریان و دەوروبەری ڕستەکە دەتوانین مەبەستی وشەکان بزانین، چونکە ناکرێت بەبێ ئەو جێ و ئەو وشانەی لەگەڵیدا هاتوون، ئەو مەبەست و واتایانە بگەیەنێت، بەبێ دەوروبەر ناتوانین واتای وشە دیارییکەین، لەبەرئەوەی چوارچێوەی ڕستەیە واتای دروستی وشە ڕووندەکاتەوە، چونکە بەبێ دەوروبەر واتای وشە دیاریکراو نییە. واتاجیاوازیی وشە لە بەشەئاخاوتنەکانی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، هەروەها لە ئیدیۆم و میتافۆڕیشدا بە هەمان شێوە دەبینرێت.

ئەنجام:

١-بە تێڕوانین لە وشەکانی زمان دەکرێت بوترێت بەشێکی وشەکانی زمان بە تەنیا واتایەکی ناڕوونیان هەیە.

٢-دەوروبەر لایەنێکی گرنگە لە ڕوونکرنەوەی واتا لێڵ و ناڕوونەکان.

٣-دەکریت بوترێت لیڵی (تەمومژی )لە ئاستەکانی ( مۆرفۆلۆژی )(سینتاکسدا) بونیان هەیە،

٤-یەکێک لە ڕێگاکانی دیاریکردنی واتای وشە ، دەوروبەرە.

٥- تیۆری دەوروبەر بۆ ڕەواندنەوەی واتا جیاوازەکانی یەکە جیاوازەکانی زمان، بەتایبەتی (وشە) سەری هەڵدا.

## سەرچاوەکان:

### کتێب :


1. ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠٠٩)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرماندان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

2. ئیبراهیم خەلیل (٢٠١٦)، تیۆر و ڕێبازەکانی زمان، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

3. بازیان یونس محێددین (٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بەئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

4. پەروین عوسمان مستەفا (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێران (لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
5. تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی/بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
6. دارا حەمید محەمەد (٢٠١٠)، واتاسازی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
7. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە، چاپی یەکەم، هەولێر.
8. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
9. ڕەفیق شوانی (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
10. عبدولواحید مشیر دزەیی (٢٠٠٩)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.
11. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، هەولێر.
12. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، زانستی پراگماتیک، چاپی دووەم، هەولێر
13. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی سێیەم، هەولێر
14. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
15. محەمەد محەمەد یونس عەلی (٢٠١٠)، سەرەتایەک بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
16. نوری عەلی ئەمین (٢٠١٣)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
17. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر.

**نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:**

18. دەشتی بەهجەت محەمەد (٢٠١٦)، لێڵی لە گوتاری سیاسی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، پەروەردەی چەمچەماڵ.
19. سازان ڕضا معین (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین.
20. شێرزاد سعید صدیق (٢٠٠٨)، ڕستەی زمانی کوردی بەپێی تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)ی هاڵیدەی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین.
21. عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.
22. عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم (٢٠١٤)، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان:**

23. بەکر عومەر عەلی و ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٣)، دەوروبەری زمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ١٣.
24. بەکر عومەر عەلی و محەمەد عومەر عەول (٢٠١٠)، ئاواز و پراگماتیک لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٨.
25. دارا حەمید محەمەد و بێستون حسن احمد (٢٠١٣)، کشانی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ١.

26. شادان شکر صابر (٢٠١٦)، ڕێگاکانی گواستنەوەی واتا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٣.
27. شوکر گەڵاڵی (٢٠١٠)، واتای وشە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ٩.
28. عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠٠٦)، واتا لەنێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا، گۆڤاری ( الأستاذ)، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد/زانکۆی بەغداد، ژمارە ٥٦.
29. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٤)، واتاسازی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٥.
30. و: یووسف نووری محەمەد ئەمین (٢٠٠٩)، سەرەتایەک لە واتاسازی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ٣.


## Reference


1. Avesta Kamal Mahmood (2009), Pragmatics of Question and Command Sentences in Kurdish, Ranj Printing House, Sulaimani.
2. Ibrahim Khalil (2016), Theories and Methods of Language, edited by Nariman Abdullah Khoshnaw, first edition, Rojhelat Printing House, Erbil.
3. Bazian Younis Mohiddin (2013), Relationship between morphology and phonology and syntax, first edition, Mukriani Printing House, Erbil.
4. Parwin Osman Mustafa (2009), Meaning and Translation (A Semantic Research), First Edition, Rojhelat Printing House, Erbil.
.5Talib Hussein Ali (2014), Language Science and Kurdish Language/Part 1, First Edition, Rojhelat Printing House, Erbil.
6. Dara Hamid Mohammed (2010), Semantics, 1st Edition, Sulaimani.
7. Sajida Abdullah Farhadi (2008), Sentence and After Sentence, 1st Edition, Erbil.
8. Salam Nawkhosh and Nariman Khoshnaw (2009), Linguistics, Volumes (1st, 2nd, 3rd), First Edition, Minara Printing House, Erbil.
9. Rafiq Shuani (2011), Kurdish Vocabulary (Practical Research), 1st Edition, Mukriani Printing House, Erbil.
10. Abdulwahid Mushier Dzeyi (2009), Semantics, First Edition, Khani Printing House, Erbil.
11. Abdulwahid Moshir Dzeyi (2014), Pragmatics of Text and Discourse, 1st Edition, Erbil.
12. Abdulwahid Moshir Dzeyi (2014), Pragmatic Science, 2nd edition, Erbil
13. Abdulwahid Moshir Dzeyi (2014), Semantics of Words and Sentences, 3rd Edition, Erbil
14. Mohammed Ma'roof Fatah (2011), Linguistics, Third Edition, Hashim Printing House, Erbil.
15. Mohammed Mohammed Younis Ali (2010), An Introduction to Semantic and Pragmatic Sciences, edited by Nariman Abdullah Khoshnaw, 1st edition, Minara Printing House, Erbil.
16. Nuri Ali Amin (2013), Kurdish Grammar, Third Edition, Hevi Printing House, Erbil.
17.Warya Omar Amin (2009), Another Linguistic Horizon, Volume 1, Second Edition, Erbil.

**2-Unpublished university letter:**

18. Dashti Bahjat Mohammed (2016), Blindness in Kurdish Political Discourse, Master's Thesis, Sulaimani University, Chamchamal Education.

19. Sazan Reza Moein (2005), Meaning and Environment, Master's Thesis, College of Education, Salahaddin University.
20. Sherzad Saeed Siddiq (2008), Kurdish Language Sentence According to Halliday's Theory (Category and Measurement), Master's Thesis, College of Language, Salahaddin University.
21. Abdullah Aziz Mohammed (1990), Changing the Meaning of Words, Master's Thesis, College of Arts, Salahaddin University.
22. Osman Karim Abdulrahim (2014), Kurdish Language Words and Ways of Enriching Them, Master's Thesis, College of Language, Sulaimani University.

**3- Scientific journal research:**

23. Bakr Omar Ali and Azad Ahmad Hussein (2013), Language Environment, Sulaimani University Journal, No.
24. Bakr Omar Ali and Mohammed Omar Awl (2010), Music and Pragmatics in Indirect Speech, Journal of Sulaimani University, No.
25. Dara Hamid Mohammed and Bestun Hassan Ahmad (2013), Drawing of Meaning in Kurdish Language, Garmian University Journal, No.
26. Shadan Shukr Saber (2016), Ways of Transferring Meaning, Journal of Raperin University, No.
27. Shukr Galali (2010), Meaning of Words, Journal of Linguistics, No.
28. Abdulwahid Mushier Dzeyi (2006), Between Semantics and Pragmatics, Al-Ustaz Journal, Ibn Rushd College of Education/Baghdad University, No.
29. Nariman Abdullah Khoshnaw (2014), Semantics, Journal of Linguistics, No.
30. A: Yousef Nuri Mohammed Amin (2009), Introduction to Semantics, Journal of Linguistics, No.